روانگەی مافی مرۆڤ:ژمارەی گیان لەدەستدان لەغەزە ٢٣ هەزار کەسی تێپەڕاند

روانگەی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕایگەیاند، بەهۆی جەنگی نێوان حەماس و ئیسرایل ژمارەی گیان لەدەستدان لە کەرتی غەزە ٢٣ هەزار کەسی تێپەڕاند. دەشێت " زیاتر لە ٧٠٠ هەزار منداڵ ژیانیان لە مەترسیدایە".

ئەمرۆ شەممە، روانگەی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە، پاش تێواوبوونی ئاگربەستە کاتییەکەی نێوان حەماس و ئیسرائیل، ژمارەی گیان لەدەستدان لە کەرتی غەزە بەهۆی بەردومانەکانی ئیسرائیلەوە گەیشتە ٢٣ هەزار و ١٢ کەس لەو ڕۆژەیش ٩ هەزار و ٧٧ کەسیان منداڵن.

ئاماژەی بەوەشکرد، جگە لە ژمارەی گیان لەدەستدان زیاتر لە ٧٠٠ هەزار منداڵ لە کەرتی غەزە ژیانیان لە مەترسیدایە و زیاتر لە یەک ملیۆن و ٨٤٠ هەزار و ٥٠٠ کەسیش ئاوارەبوون و هیچ کەرەستەیەکی پزیشکی و خواردنی پێویستیان نەماوە. دەشێت " ئەگەر بەخەرایی ئاگربەست ڕانەگەیەندرێت ئەوە ناوچەکە دوچاری قەیرانێکی گەورەتر دەبێتەوە لەوەی لە ئێستادا هەیە".